



# ئەو سێ تۆخمەی بەبێ یەکتر هەڵناکەن

## ئەوین و ئاگر و کتێب لە ناخی (کەریم دەشتی)دا

**ئارام شێخ وەسانی**

١

درەختێک  بۆ شیعر خۆی کردووەتە قوربانی، بڕیار وایە بەو قوربانییە هەم بدرەوشێتەوە، هەم خامۆش بێت، هەمیشە لە درەوشانەوەدا هەڵچوون و دەرکەوتن و فڕین و ڕۆژ هەڵاتن و پێکەنینی بەرز و زەردەخەنەی بەردەوامی کاژ و هاژەی تاڤگەو هاواری کۆڵان و نوێبوونەوەی وەرز و خۆشوشتنی دارەبەن سیما دیارەکانی درەوشانەوەن. لەهەمان کاتدا شیعر لەگەڵ هەر تیشکێکی درەوشانەوەدا خۆی هەڵدەواسێت، لە درەوشانەوەدا ئافرەت نیگاکانی تێکەڵ بە باران دەکات بۆ ئەوەی دنیا بگۆڕێت، وەلی ئەوە هەوڵێکی شکستخواردووی هەموو ئافرەتێکی ناو تێکستە شیعرییەکانە. بەڵام لەم درەوشانەوەیەدا گومان لەو شکستە دەکرێت، هەوڵێکی چڕو فراوان و نهێنی لەئارادایە کە ئافرەت خۆی بخاتە ناو پێناسەیەکی جاویدانی، ئەویش بە خۆهەڵواسین بە نووری خودا، پەیوەندی دروستکردن لەگەڵ ئاگر و پەیمان بەستن لەگەڵ کتێبدا.

# وتار

لەم هەوڵەدا (کەریم دەشتی) توخمەکان کۆدەکاتەوەو جارێکی دیکە هەوڵەکانی خۆی وەگەڕدەخات، وەلی تائێستا تروسکایی سەرکەوتن یان شکستخواردن لەئارادا نییە.

بەهەمان شێوەی درەوشانەوە ئەمجارە کردەی قوبانیی درەخت تەواو دەبێت و ئیتر کاتی خامۆشییە، بێگومان لە خامۆشیدا چۆلەکەکان زیاتر گومان دەکەن و ئاوەکان زیاتر بەخوورِ دەردەکەون. سامناکییەک لە باخەڵی وەرزەکاندا دێتە دەرەوە، بە زمانی هەموومان ئاشنا دەبێت. سەر زەوی دەکەوێتە بەردەم گومانی قیامەت، کاتێک درەختی خامۆشی دەکەوێتە گریانێکی بەلێزمە بۆ خۆڵەمێشی ئاگر. هەموومان ئاشناین بە چیرۆکی کۆتایی ئاگر. ژیلەمۆی خامۆشی تەواو سامناکە وەک ئەو دووا نمە بارانی دنیا. لە خامۆشیدا مەرگ دەئاخڤێت، فریشتەکان جوڵە دەکەن.

لە خامۆشیدا ئاشنا دەبین بە گەورەترین کردەی سەر زەوی، کردەیەک کە عروجی ئاسمانەکان و سوتانی پەروانەو نازو کەیلی مانگی تێدا دەکەونە سەما. شەو پەیامبەری کتێبی خامۆشییە و تائێستاش لەگەڵ مەحویدا پێکی خامۆشی دەنۆشێت.

٢

ئەوین لە سەرەتای یەکترناسینی ئادەم و حەواوە دروست نەبووە، بەڵکو ڕیشەی ئەوین زۆر لەوە کۆنترە. بەبڕوای من ئەوین دەگەڕێتەوە پێش زەمەنی خەڵقبوونی دنیا. نەدەکرا دنیا بەبێ ئەوین بەردەوام بێت. ئەوین سەرەتاو کۆتایی بۆ دنیا دانانێ، بەڵکو ئەوین هەوڵی سڕینەوەی هەموو سەرەتاو کۆتاییەکان دەدات. ئەوین لە جنسی دنیا نییە، ئەوین لە شوێنێکەوە هاتووە، کە کەسمان نەمانبینووە. ئاخاوتن لەمەڕ ئەوین، واتا گەوزین لەناو بەفر و کۆکردنەوەی تنۆکە بارانە گەورەکان و دۆزینەوەی درەوشاوەترین ئەستێرەو ناسینەوەی فێنکترین سیتاڤی وەرزەکان. کەم کەس هەیە وەک ئەو لە ئەوین ڕابمێنێ، لێ تەواو نیگەرانە لە ئەوین چوون گومانی هەیە لە ئەوینی ساختە. ئێمەی مرۆڤ چەندە داماوین بەدەست ئەوینی ساختەوە. ئەوینی ئۆرجیناڵ ئەو ساتە دەبێتە کەڤاڵ، کە هەموومان خۆمان هەڵخست بە تیشکەکانی پەلکەزێرینە.

٣

ئاگر گەورەترین دژە چەمکی جوانییەکان، لەکاتێکدا بەتەنیا هەموو جوانییەکان هەڵدەسەنگێنیت. ئەو ڕۆژەی کە نوور دروست کرا چوارشەممە بوو، دنیا تەواو تاریک و خامۆش بوو. نەدەکرا نوور بەبێ گڕ دروست بکرێت، کە ڕۆژ بووەوە نوێنەری نوور گومان لە ئاگرەکەی دەکرا، کە هەرچی بوونی زیندوو و نازیندوو هەیە بیسوتێنێ، بۆیە ڕۆژ دوورخرایەوە بۆ ئەو شوێنەی کە توانای سوتانی مەخلوقاتی زەمینی نەبێت، ئەوە چیرۆکی من نییە، ئەوە لە کتێبی ئاسمان و زەویدا وتراوە. تەرازوی هەبووەکانی سەر زەوی کەوتە سکاڵا کە ئاگر زۆر دووره لە زەوی، بۆیە بەشێک ئاگر نێردرا بۆ ئەوەی لە تۆڵەی ناشیرینکردنی جوانییەکاندا بەکاربهێنرێت ئەگەر ئەو چەمک و تێگەیشتنە پێشتر لە نەخشەی بەرێوەبردنی گەردووندا چەسپابوو لەلایەن خالقەوە. کێشەکە لێرەوە دەستی پێکرد، کە هەندێ جار

# باسکردنی گەورەیی کتێب ئاسانە، بەڵام شیکردنەوەی هەیمەنە و کاریگەریی کتێب گرانە

ئاگر بۆخۆی تژییە لە جوانی، جا چۆن دەتوانێت جوانییەکان ڕابماڵێت، بۆ ئەو مەبەستەش قەقنەس کرا بە نوێنەری جوانییەکانی ئاگر و سەمەندەر کرا بە ئەفسانەی ئاگر. بەڵام جوانییەک هەرگیز جوانییەکانی دیکە بەخۆیانەوە نابینن بریتییە لەو خامۆشییەی ئاگر دەیخولقێنی لەدوای دامرکانەوە. کەریم دەشتی هاتووە یادگارییەکان کۆدەکاتەوە بە ئاگر خامۆشیان دەکات، ئەو دەست بۆ چەمکە پیرۆزەکان دەبات و دەیانخاتە رستەی ئاگرینەوە. ئاگر لای شاعیر سوتینەر نییە، بەڵکو هیوابەخشە، چونکە لەناو ئەو هەموو ژاوەژاوەی هابیل و قابیلدا خامۆشیمان بۆ دەهێنیت و گەرممان دەکاتەوە لەگەڵ دنیا.

٤

کتێب، دنیا لە شێوەی کتێبێکدایە، هەموو هەبووەکان لە شێوەی کتێبدان. دار و بەرد و ڕۆحلبەر لە شێوەی کتێبن. کتیب چەمکێکی رووت نییە، بەڵکو زۆر گەورەو فراوان و فرە جەمسەرە. دەکرێت جوانترین کتیب دڵی مرۆڤ بێت. خوێندنەوەی ئەو کتێبە پێویستی بە ئەزموون و شارەزاییەکی زۆر هەیە. شاعیران لێهاتووترین کەسی کۆمەڵگەن بۆ خوێندنەوەی کتێبی دڵ. هەرکاتێ شاعیران ئەو کتێبە دەخوێننەوە چۆلەکەی ئیلهامیان دەفرێت و لە ئاسمانەکاندا بەدوای شتە ونبووەکانی زەویدا دەگەڕێت. قسەکە لێرەوە دەست پێدەکات. شاعیر بەریەککەوتنی خۆی لەگەڵ کتێب دەگێڕێتەوە. باسکردنی گەورەیی کتێب ئاسانە، بەڵام شیکردنەوەی هەیمەنە و کاریگەریی کتێب گرانە. شاعیر لە ڕێگەی کتێبەوە خۆی دەنووسێتەوە. لەو نووسینەوەیەدا چەندان شتی سەمەرە دەبینین، یەکێک لەوانە کێشەی نێوان ئەشقی دوولبەر و کتێبە. شاعیر بڕوای وایە پێویستە لەڕێی کتێبەوە ئاشنابین بە توخمەکانی عیشق. وەک ئەو خۆی دەڵێت تەنانەت خواشی بەهۆی کتێبەوە ناسیووە. واڵتەر بنیامین دەڵێت: لە دوو شت هەرگیز جیامەبەرەوە تەنانەت لەسەر سەرینیش: ئافرەت و کتێب. بەڵام لای شاعیر ئەوینی کتێب لە پلەیەکی هەرە باڵادایە. ئەو هەموو شتەکان بەهۆی کتێبەوە دەناسێتەوە. دوواجار خۆی دەکات بەکتێب بۆ ئەوەی هەرکەسێک بیخوێنیتەوە بەتایبەت دوولبەر.

٥

ئەوین، ئاگر، کتێب، ئەو سێ توخمەی بەبێ یەکتر هەڵناکەن. دەکرێت ئەوین و کتێب ئاگر بخولقێنن، دەکرێ ئاگر و کتێب ئەوین بخولقێنن، دەشێت ئەوین و ئاگر ببنە کتێبیک بۆ سەرانسەری دوولبەران. گرفتەکە لێرەوەیە کە شاعیر سێ چەمکی هەڵبژاردووە و هەر یەکێک لەو چەمکانە بەستراوەتەوە. ئەوین جۆرێگە لە سوتان، ئەوین جۆریکە لە کتێب، کە جگە لە ئاشق کەس نازانێت بیخوێنێتەوە. ئاگر جۆرێکە لە ئەوین، کە بەهۆیەوە چێژ لە بینین و چاکە و جوانی وەردەگرین. ئاگر کتێبێکە هەموو خراپەکاران و جوانکوژەکان دەتوانن بیخوێنەوە. کتێب جۆرێکە لە ئەوین، ئەوینی کتێب گەورەترە لە هەر ئەوێنێکی دیکەی سەر زەوی، چونکی رامان لە چەمکی کتێب واتا رامان لە هەبوون. کتێب جۆرێگە لە ئاگر، کە سەدان دۆزەخ لەخۆدەگرێت، بەهۆی کتێبەوە بوو بە ئاگر ئاشنابووین.

کتێب، دنیا لە شێوەی کتێبێکدایە، هەموو هەبووەکان لە شێوەی کتێبدان. دار و بەرد و ڕۆحلبەر لە شێوەی کتێبن. کتیب چەمکێکی رووت نییە، بەڵکو زۆر گەورەو فراوان و فرە جەمسەرە. دەکرێت جوانترین کتیب دڵی مرۆڤ بێت. خوێندنەوەی ئەو کتێبە پێویستی بە ئەزموون و شارەزاییەکی زۆر هەیە. شاعیران لێهاتووترین کەسی کۆمەڵگەن بۆ خوێندنەوەی کتێبی دڵ

## وتار

٦

ئەوەی لێرە ماوەتەوە قسەکردنی منی خوێنەرە سەبارەت بە زمان و ڕێنووسی شاعیر. کەریم دەشتی ئەمساڵ دوو کتێبی شیعری بڵاوکردەوە لەژێر ناوی (درەختی خامۆشی و درەختی درەوشانەوە)، ئەم دوو کتێبەی شاعیر لەلایەن سەنتەری لێکۆڵینەوەی فیکری و ئەدەبیی نما چاپکراون. لێرەوە داخ و نیگەرانیم دەست پێدەکات. شاعیرێک بەم هەموو مانا جوانەوە بەرهەمەکەی خستووەتە بەردەم سەدان ڕەخنە، کە هەموویان شایەنی چارەسەرکردن بوون، بەڵام تائێستاش من گومان دەکەم شاعیر بەهەڵە ئەم ڤێرژنەی ناردووە بۆچاپ، من هەست دەکەم ئەوە درافتی نووسینی شاعیرە. هەڵەکانی شاعیر دابەشدەبن بۆ سەر چەند لایەنێک، کە بەبڕوای نەدەبوو شاعیر هێندە بێ خەبەر بێت لە ئاستی هەڵەی ڕێنووس و تایپ و چاپ. من بڕوای تەواوم بەوە هەیە هیچ مانایەک بەبێ هەبوونی زمانێکی جوان ئامانجی خۆی بپێکێت، بێگومان زمانی جوان تەنها لە یەک باردا خۆی نانوێنێت بەڵکو زمانی جوان ڕێنووسیش دەگرێتەوە. وێڕای هەڵەکانی شاعیر لە بواری ڕێنووس، چەندان هەڵەی تایپیش هەیە، ئەوەی لە هەمووش خراپتر ئەو هەموو هەڵەیە کە لە چاپەکەدا هەیە، ئیتر من نازانم ئەوە کێ بەرپرسە، بەڵام دووبارەی دەکەمەوە کە نابێ شاعیر هێندە خەمسارد بێت لەئاست پێداچوونەوە بە ئیشەکەدا و چاودێریکردنی ئیشەکە. سەرەتا با لە بەرگی کتێبەکە بڕوانین کە ئایا بۆچی لە بنی هەر دوو کتێبەکە نووسراوە (درەختی درەوشانەوە)، ئەی ناونیشانەکان جیاواز نین؟!

هەڵەو کەموکورتیی ناوەڕۆکی کتێبەکە دابەشدەبێتە سەر سێ بەش، هەڵەی ڕێنووس و تایپ و چاپ.

لە هەڵەی ڕێنووسدا شاعیر لە وشەکاندا خۆی یەکلانەکردووەتەوە، کە هەندێ وشە بە یەک (و) یان دوو (وو) بنووسێت، ئەوەش بە ڕوونی لە چەندین شوێن دیارە. دوو (وو)ی سەرەتا کە بە بڕوای زۆرینەی شارەزایانی زمان نابێت، وشەی (ووچان) لاپەڕە ٤و ٢٨ درەختی درەوشانەوە. وشەی (ڕووناکی) شاعیر لە لاپەڕە ١٢و ٢٥ بە یەک (و) نووسیویەتی، (ڕوناکی) لە کاتێکدا لە زۆرینەی جارەکانی دیکە بە دوو (وو) نووسیویەتی. لە لاپەڕە ٤٠دا نووسیویەتی (هەرچییەکبۆ)، (بۆ) ئامرازی پەیوەندییە چۆن دەلکێنرێت بە وشەی هەرچییەک! لە لاپەڕە ٥٣دا نووسیویەتی (دلنبایە) وشەکە (دڵنیابە). لە لاپەڕە ٧٥دا وشەی (سگی) نووسیوە (سکی) ڕاستە. وشەی تابووت لە لاپەڕە ٤١دا بە یەک (و) و لە لاپەڕە ١٠٣دا بە دوو (وو) نووسراوە! لە لاپەڕە ١٠٥دا دێڕی ١٢ نووسراوە (ناناستەوە)، بەڵام (نەناسێتەوە) دروستە. هەروەها هەڵەی گەورەی چاپیش ئەوەیە، کە بەبێ مەبەست لە لاپەڕە ٨٠دا هاتووەتە ٩٧، پاشان لە ٩٧ەوە هاتووەتە ١١٢، پاشان گەڕاوەتەوە ٩٧، من تێناگەم بۆ؟ ئەمەی سەرەوە تەنها بەشێک بوو لەو کەموکورتییانەی لە کتێبی «درەختی درەوشانەوە»دا باسم کردن، بێگومان زیاترن بەڵام ئەوە بەسە بۆ سەلماندنی قسەکانم.